خزمەتگوزاری ئۆتۆمبیلی فریاکەوتنی یۆرکشایەر

NHS
خزمەتگوزاری ئۆتۆمبیلی
فریاکەوتنی یۆرکشایەر
متمانەی NHS

# چۆن ئامێری لێدانی کارەبا بەکاردێنیت

ئامێری لێدانی کارەبا شۆکێکی کارەبایی بەرز بە دڵی کەسەکە دەدات کە تووشی وەستانی دڵ بووە بۆ گەڕاندنەوەی بۆ ڕیتمی ئاسایی دڵ. بەیەکەوە لەگەڵ سی پی ئاڕ، ئامێری لێدانی کارەبا گەورەترین دەرفەت بە نەخۆشەکە دەدات بۆ ڕزگاربوون. باشترین شت ئەوەیە ئەگەر کەسە دەست بە سی پی ئاڕ بکات لەو کاتەی کەسێکی تر پەیوەندی بە 999 دەکات و ئامێری لێدانی کارەبا پەیدا دەکات.

## 1 کەسێک بۆ هێنانی ئامێری لێدانی کارەبایی بنێرە

ڕەنگە ئامێری لێدانی کارەبا لەو شوێنە بێت کە تۆ تیایدایت، یان خزمەتگوزاری ئۆتۆمبیلی فریاکەوتن پێت دەڵێت ئەگەر دانەیەکی نزیک هەبێت.

## 2 بەردەوام بە لە سی پی ئاڕ

واباشترە ئەگەر کەسێک بە تەنها سی پی ئاڕی دەست بکات، ئامێری لێدانی کارەبا ئامادە بکرێت.

## 3 ئامێری لێدانی کارەبا هەڵبکە

ئامێری لێدانی کارەبا بەکارهێنانی سادەیە بۆیە دوگمەکانی "هەڵکردن" پێویستە دۆزینەوەیان ئاسان بێت. هەندێکیان خۆیان هەڵدەکرێن کاتێک دەیکەیتەوە.

## 4 پادەکان بە سنگ بگەیەنە

پێویستە پادەکان بە سنگی ڕووتی کەسەکەوە بگەیەنرێن. ڕێنماییەکانی سەر پادەکە پێت دەڵێن لە کوێیان ببەستیت. یەکێکیان بۆ لای ڕاستی سەرەوەی سنگی نەخۆشەکە دەچێت، ئەوەی تریان بۆ لای چەپ.

## 5 پەیڕەوی ڕێنماییەکان بکە

ئامێری لێدانی کارەبا هەموو دوو خولەك جارێک شیکردنەوە بۆ ڕیتمی لێدانی دڵی نەخۆشەکە دەکات بۆ بڕیاردان ئایا پێویستی بە لێدانی شۆکی کارەبایی هەیە یان نا. ئەگەر شۆکی کارەبایی پێویست بێت، پێت دەوترێت دوگمەی 'شۆک' دابگریت بەڵام دڵنیا بە هیچ کەسێک دەست لە نەخۆشەکە نادات لەو کاتەی ئەمە دەکەیت.

## 6 لە سی پی ئاڕ بەردەوام بە

کاتێک شۆکی کارەباییت لە نەخۆشەکە دا، لە سی پی ئاڕ بەردەوام بە. ئەگەر ئامێری لێدانی کارەبا پێشنیاری شۆکی کارەبایی نەکات، ئەو کات لە سی پی ئاڕ بەردەوام بە تا ئامێری لێدانی کارەبا ئامادە دەبێت بۆ دووبارە شیکردنەوە.

## 7 بەردەوام بە

بەردەوام بە لە پرۆسەکە تا یارمەتی پیشەگەرانە دەگات یان تا ئەو کاتەی کەسە بەهۆش دێتەوە.

ژمارەی خێرخوازی تۆمارکراو: 1114106
خزمەتگوزاری خێرخوازی ئۆتۆمبیلی فریاکەوتنی یۆرکشایەر
پشتیوانیکراوە لە لایەن: